# بانگەواز

## بۆ هەموو ڕۆژنامەنووسان و نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات

بە درێژایی مێژووی خۆی، ناوچەی گەرمیان هەمیشە خاوەنی دوو تایبەتمەندی دیار بووە، ئەوانەیش: لە خەباتی چەکداریی گەلەکەماندا نەترس و قوربانیدەر و لە پێگەیاندنی عەقڵی بیرکەرەوەو خاوەن قەڵەمیشدا بوێر و بە ویژدان.. لێرەوە مەغزای ئەم بانگەوازە بۆ هەموو کوردێکی دڵسۆز دەردەکەوێت و گەرمیان و گەرمیانییەکانیش چاك لەوە دڵنیان، کە هەموو لایەك ئەوانیان لە بیرە..

ڕۆژنامەنووسان.. نووسەران.. ڕۆشنبیرانی کورد لە هەموو لایەکی کوردستان و دونیا..

خۆرنەوەزان نیومانگییەکی گشتی ئازادە و کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووس و نووسەری شاری کفری بێئەوەی ( پیاوی کەس بن و کەس پیاویان بێت )، بەبێ هیچ بەرامبەرێك، بۆ ماوەی چوار ساڵە بێدابڕان وەك (یەکەمین ڕۆژنامەی مۆڵەتپێدراوی گەرمیان ) ٦٨ ژمارەیان لێدەرکردووە و هەمیشە ڕووپەڕی لاپەڕەکانی جێگەی بڵاوکردنەوەی خەم و داوای هاوڵاتیان بووەو هەروەك لە پاڵ ئەوەشدا بایەخێکی گرنگی بە گواستنەوەی هەواڵ و ڕووداوەکانی گەرمیان داوە، بەدەر لەوەی ٢٧ ژمارەی پاشکۆی ( صدى گرميان )ی بە عەرەبی دەرکردووە، بە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانیشدا بڵاودەبێتەوە، ئێستە لە هەنگاوێکی کەم وێنەدا و بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ڕۆژنامەوانی گەرمیاندا، خۆرنەوەزان دەبێتە هەفتەنامەو لە ( ٢٠٠٦/١٢/٣ )ەوە هەموو ڕۆژانی یەکشەممەیەك دەردەچێت.. ئەم هەنگاوەی ئێمە، بەو پێیەی لە ناوچەیەکی دوورە دەست و پەراوێزخراوی وەك گەرمیاندا پێیهەڵدەستین، ئاسان نییە، بۆیە پێویستمان بە هەموو جۆرە دەعم و پشتگیرییەکی ئێوەی بەڕێز هەیە.. چ بە نووسین و وتار و بابەت و پێشنیارەکانتان چ بە دەعمی ماددی کەم و زۆرتان بێت.. ئەم بانگەوازەیش لەو ڕوانگەوەیە، کە خۆرنەوەزان هەمیشەماڵی خەڵك و ڕۆشنبیران بووەو بێ ئێوە و ئەوان، ئێمەیش چ کارێکی ئەوتۆمان نییە بیکەین.

چاوەڕوانی هیممەتی دڵسۆزانەتانین..

ستافی
نیومانگی خۆرنەوەزان

بۆ پێوەندیکردن:
مۆبایل ئاسیا: 07701411510 یان 07701977953
مۆبایل سانا: 07301533698 یان 07301533704
ئیمەیڵ: xornewezanpress@yahoo.com
sedagermiyan@yahoo.com
www.xornewezan.com